حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٠٩) لە ٢٠٢٣/٤/٥

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٦) لە ٢٠٢٣/٤/٥، و بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کەرتی تەندروستی لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی شایستە بۆ هاووڵاتییانی هەرێم لەم سێکتەرەدا، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی (پرۆژە یاسای وەزارەتی تەندروستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق) لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێبینی و سەرنجانەی کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرانەڕوو، لە پرۆژە یاساکەدا جێگیر بکرێت و لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەن بخرێتەڕوو.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بە هەماهەنگی بەڕێزان (وەزیری داد، وەزیری تەندروستی، و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون) بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پرۆژە یاساکە ئامادە بکەن لەبەر ڕۆشنایی هاتوو لە برگەی (١)ی سەرەوە.

٣. وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**